# سەلام محەمەد: پەیامم بۆ هونەرمەندان ئەوەیە،ئەگەر زانیان ناتوانن بڕۆن ڕاوەستن باشترە

مۆسیقا ئەو هێوەربوونەی دڵ و دەروونە کە مۆسیقاژەن و بیسەر دەباتە جیهانێکی بەرزتر لەم زەوییە. لەجیهانی مۆسیقای کوردیدا چونکە نەتەوەی کورد نەتەوەیەکە حەزی لە هێمنی و شادمانی و ئاسایشە مۆسیقا دەوری تایبەتی خۆی هەبووەو هەیە،بگرە زۆرجاریش لەئاخافتنەکاندا سەردەمەکانی مێژوو بەناوی گۆرانیبێژ و هونەرمەندەکانمانەوەتۆمارکراون . مۆسیقا واتەراهێنان و پەروەردەی نەتەوەیەک، هەربۆیە هەرچەند گرنگی بەمۆسیقا بدرێت جێی خۆیەتیی، بەڵام موسیقاش بۆ هەر نەتەوەیەک ڕەسەنایەتیی خۆی هەیە، هەربۆیە لەو میانەدا بەپێویستمان زانی سەردانی مامۆستا **سەلام محەمەد** بکەین، کە لەدایک بووی ١٩٥٨ی شاری قەڵاو منارە، هەولێری پایتەختی ئەمڕۆی کوردستانە،مامۆستا سەلام محەمەد واتە لەهونەرمەندە دەنگەخۆشەکانی ساڵانی هەشتایەو هەنووکەش بەهۆی هاندانی دۆستان و برادەران و خوازیارانی دەنگەخۆش و ڕەسەنەکەی و هەروەها نەمانی هەندێ گیروگرفتی کاتیی، دەیهەوێت لەدەنگی بێبەشمان نەکات و ئەو ئەلبومەی وا بۆ دوو ساڵ دەچێت تۆماری کردووە جەماوەرەکەی پێ شادمان بکات .

پ : مامۆستا سەلام محەمەد هەرکات گوێم لەدەنگەبەسۆزەکەت دەبێ هەردەڵێی ساڵی تەمەن تێنەپەڕیوەو ئێستەش هەمان سەردەمی گەنجیمەچونکەباوەڕت بێت دەنگیشت هەروەکو ئەو سەردەمانەوەک خۆی ماوەتەوەبۆیەمنیش ئەو هەستەدێتەرۆح و دەروونمەوە. با خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان پتر جەنابت بناسن ؟

و : سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزت دەکەم، چونکە هاتووی ئەو هونەرمەندانەی پێشتر کاری هونەریان ئەنجامداوە بەسەر بکەیتەوە کە بۆ ماوەیەک بەهۆی هەندێ گیروگرفتی کاتیی بەرهەمیان نەبووە و هەلیان بۆ نەرەخسابوو درێژە بەهونەرەکەیان بدەن، هەربۆیە ئەو پەیامەی بەڕێزت گەلێ پیرۆزە کە هاتوویتە ئێرە گەلێ بەخێرهاتنت دەکەم و سەرچاوان. ئەمن سەلام محەمەد لەساڵەکانی ٧٧ و ٧٨ دەستم بەکاری هونەری کرد بەتۆمارکردنی یەکەم گۆرانیم بەناوی " نەسرین تازەیاری بوو" پاشان لەساڵی ١٩٧٩ توانیم بەیارمەتی مامۆستا ڕزگار خۆشناو و چەند هونەرمەندێکی لاو تیپێکی خنجیلانەو جوان و ڕۆژئاوایی کەپێویستی ئەوکات بوو پێکبهێنین و ئەمنیش وەک گۆرانیبێژێک لەو تیپەبەشداریم کرد. دەگەڵ ئەو تیپەو ئەو هونەرمەندە بەڕێزانە لەزۆربەی فێستیڤاڵەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان وەک بەغدا بەشداریم کردووە هەروەها لەساڵەکانی ١٩٨١و ١٩٨٢ چەند کاسێتێکم تۆمارکرد لەگەڵ هونەرمەند **سەلاح نەجمەدین** و تیپە بەڕێزەکەی واتە تیپی جازی شیلان کە هەموویان گەنج بوون و زۆر خۆشەویست و بەهەستێکی پاک و خاوێن و بەبێ چاوەڕاوانی ماڵی خزمەتی هونەری کوردیان دەکرد

پ : مامۆستا سەلام محەمەد ئەوکات جەنابت بەگۆرانی " ساڵەهای ساڵە" ناسرایت و دەنگت بووەپەیڤێک بۆ نەتەوەکەت و هەتا ئەو جێی لەیادم مابێت تووشی کێشەیش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوەبوویت ، ئەگەر لەو بابەتەوەبۆمان بدوێیت ؟

و : " ساڵەهای ساڵە" هۆنراوەو ئاوازی مامۆستا ڕزگار خۆشناو بوو و چەند لاوی هونەرمەندی لێهاتووی دیکەش کەهەرکامەیان قوتابی زانکۆ یان کارمەندی دامودەزگایەک بوون و بەدڵسۆزییەوە کاریان دەکرد، پاش ١٩٨٢ بوو کەئەو گۆرانیەمان تۆار کرد. ئەو گۆرانییە چووە ناو دڵ و ناخی خەڵکانەوە کە سەیرم کرد خەڵک ئەو ستایلەیان پێخۆشە هۆیەکەشی دەگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی کەهەرچەند ئامێرەکانمان ڕۆژئاوایی بوون، بەڵام موسیقاکە ڕەسەنایەتیی کوردی پێوەبوو و ئێمەشێوازی گۆرانیمان نەگۆڕی. توانیمان موسیقا و گۆرانیەک بەخەڵکی بدەین هەموو چین و توێژەکان لەلاوانەوە بگرە هەتا قۆناغەکانی دیکەی تەمەنی کۆمەڵگەکەمان ئەو گۆرانیەیان پێخۆشبوو. دوای پەسندبوونی ئەو گۆرانیە چەند گۆرانییەکی دیکەشم لەساڵەکانی ٨٤و ئەوانەدا بوو تۆمارکرد، بەڵام پاشان بەهۆی ئەو گیروگرفتانەی کەپێش هاتن وەک ئەوەی کەحکومەتی ئەوکات داوای سروودی لێدەکردین و بەخۆشیی و سەربەرزییەوە ئێمە هەگیز ئەو کارەمان نەکرد، توانیمان چەند ساڵێک ڕابوەستین هەتا ساڵەکانی پێش نەوەد کە گۆرانی " ژیانی پاری ئەم کات " م تۆمارکرد و هەروەها چوار گۆرانی دیکەم تۆمارکرد کەدووانیان بەناوەکانی " لایەلایە" و " ئەژیم بۆ تۆ " م لەتەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکرا، دیارەشیعر و هۆنراوی گۆرانییەکانم هی محەمەد عەلی مەدهۆش و چەند شاعێرێکی دیکەی نەتەوەکەمان بوو و هونەرمەند مامۆستا ڕزگار خۆشناو ئاوازی بۆ دانابوون. ئەو تیپە هونەرییەی کە پێکەوەبووین بەبێ لەبەرچاوگرتنی داهاتێکی ماڵی تەنها بۆ ئەوەی کەخزمەتێکمان بەهونەری گەلەکەمان کردبێت بەشداری ڤێستیڤاڵەکانمان دەکرد و هیوامان ئەوەبوو درێژەبەو ڕێچکەیە بدەین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەوە کەچەند ئەندامێکی تیپەکەچوون بۆ سەربازی یا چوون بۆ دەرەوەی وڵات یا من کەتووشی زیندان بووم نەمانتوانی بەهیواکەمان بگەین. چوونە زیندانی منیش بەهۆی گۆرانی ساڵەهای ساڵەوەبوو کەبەداخەوە کەسانێک تووشی ئەو گرفتەیان کردم و هەتا ساڵەکانی نەوەد کاری هونەریم دەکرد لە٩٧وەدەستمکرد بەکاری تۆمارکردن و لەستۆدیۆی کۆمپانیای سان کەئەوکات هەبوو، دەگەڵ برادەران هێمن حسەین و ئەحمەد چاوشین و هونەرمەندانی بەڕێزی دیکە کە زۆریش هاندەرم بوون بۆ درێژەدانی کاری هونەریم و هەروەها سپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەوکات دەکەم کەیارمەتی دام بۆ ئەوەی پێنج گۆرانی بۆ تەلەفزیۆن و ڕادیۆی هەرێم تۆمار بکەم. دواتریش بەهۆی ئیش و کاری ستۆدیۆوە نەمتوانی پەرە بەهونەر بدەم دیارە هەمیشە هونەرمەند هێمن حسەین هاندەرم بووە، پاشان سەرپەرشتی ستۆدیۆی دەنگ لەکۆمپانیای چوارچرا بووم هەر دەگەڵ ئەو برادەرانە. ئێستەش لەچاوەدێری کۆمەڵایەتی کەبەشێکی هونەری کراوەتەوە هەر خەریکی کاری دەنگ و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەو منداڵانەم کە وەئەستۆمانن، بەڵکو ئەوانە بتوانن وەک نەوەی دوارۆژ پەیامی خۆیان بۆ ڕەسەنایەتیی موسیقا پێبێت و ڕێچکەی خۆیان بگرنەبەر. ئاواتیشم ئەوەیە بایەخ بەگەنجەکانمان بدرێت بەو جۆرەی کەشیاویانە نەک بەوجۆرەی کەکەسانێکی ناشارەزا لەو بوارەدا دەیانهەوێت بیانناسێنن . هەروەها وەکو کارێکی دیکەم لەدەزگای ئەرشیف و میۆزیکی کورد لەهەولێر دەگەڵ چەند بەڕێز و هونەرمەندێکی دیکە موسیقا و گۆرانییەکۆنەکانی نەتەوەکەمان بەشێوەیەکی پێشکەوتووانە هەڵدەگرین بۆ ئەوەی لەنەمان بیانپارێزین، چونکە ئەوانە کولتوور و پێناسەی نەتەوەکەمانن، نابێت بفەوتێن، هەرچەند ماندووبوونی زۆری هەیە، بەڵام بەسەربەرزییەوە چونکە ئەرشیڤی نەتەوەکەم دەپارێزم لام پیرۆزە.

پ : لەو گۆرانیانەی کەتۆمارتکردوون کامیانت پتر لەهەمووان خۆشدەوێت و بۆچی ؟

و : گۆرانی " ساڵەهای ساڵە" کە پێشتریش کورتە ئاماژەیەکمان پێکرد لەهەمووانم پتر خۆشدەوێت، چونکە لەناخمەوەبوو و هونەرمەند مامۆستا ڕزگار خۆشناو کە ئاواز و هۆنراوەی ئەو بوو دەیزانی چەند بەدڵ و بەگیانەوە ئەو گۆرانیەم لاخۆشەویستە، بەراستی ئەو کات ئێمە هەستمان بەچەوسانەوەیەک دەکرد و دیارەکاتێکیش بەهۆی چەند ناحەزێکەوە کە گیرام هەموو گوشارەکان لەسەر ئەوەبوو کەدەبێ بموتایە مەبەستم لەو گۆرانییە چی بووە.

پ :ماوەیەک دەنگی هونەرمەندانی گەلەکەمانت تۆماردەکرد و هەنووکەش بەراهێنان و پەروەردە کردنی منداڵانەوە ئەزیەت دەکێشی، ئەو دوو بوارە جیاوازە چۆن دەبینی ؟

و : پەروەردەکردنی نەوەی دوارۆژمان کارێکی گەلێک پێویست و پیرۆز و گرنگەو دەیشزانم ئەگەر ئەو هونەرمەندانەی کەساڵانێک دەنگیانم تۆماردەکرد پێیان بکرایە ئەوانیش هەر ئەم کارەیان دەکرد، دەبێت بەم نەوەی دوارۆژەوە زەحمەت بکێشرێت، چونکە ئەمانن ڕەسەنایەتیی نەتەوەییمان دەپارێزن هەربۆیە هەتا فێری موسیقای ڕەسەنی کوردی بکرێن بۆ داهاتووی گەلەکەمان بەنرخترە.

پ : دەنگی کام گۆرانیبێژ هێنایتە ناو جیهانی موسیقا و هونەرەوە؟

و : هەموو ئەو کەڵە هونەرمەندانە کە مامۆستای موسیقای ڕەسەنی کوردی بوونە، کاریگەری تایبەتی خۆیان لەدەروونمدا هەبووەو هەرکامەیان بەرێچکەی خۆی ئەو کاریگەرییەی داناوەو ناتوانم یەکێکی تایبەتیان دەستنیشان بکەم. دەربارەی شاعیرانیشەوە هەروەها، چونکە ئەوانیش هەرکامەیان بۆخۆیان خاوەنی پەیامێکی پیرۆزن و هەمیشەش ڕاسپاردەم بۆ نەوەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە درێژەدەری ڕێگەی ئەو کەڵە هونەرمەند و شاعیرانەبن و هەرگیز لەیەکتری جودا نەکەنەوەو ئەم نەوەیەشمان کەمن زۆر پێیان گەشبینم چ لاوانی ڕۆژنامەنووس و چ لاوانی هونەرمەند و چ گەنجە شاعیرەکانمان داوام لێیان ئەوەیە درێژەدەری ئەو پێشڕەوانەبن کە لەو ڕێگەیەدا گەلێ تاڵی و ناخۆشییان دیتووە.

پ : مامۆستا سەلام محەمەد لەلایەن هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل**ەوەزۆر سپاست دەکەین بۆ ئەوەی کەهەرچەند زۆر سەرقاڵ بوویت بەڵام دیداری ئێمەت وەرگرت و مرۆڤدۆستیت بۆ ئێمە لەم وتووێژەدا پتر سەلمێندرا، چونکە دڵت نەهات بەهیچ شێوەیەک ناو و ڕێچکەی کەس بەدڵناخۆشییەوە باس بکەی هەربۆیە دڵنیاین ئەو نەوەی لای جەنابت پەروەردەدەبێت ئەوانیش هەر مرۆڤدۆست دەبن و بەهەمان ئەخلاقی جوانەوەگەورەدەبن و هەمیشەجێی ڕێز و تەقدیرە، وەک دوا وتەلەخزمەتتداین ؟

و : منیش گەلێ سوپاسی جەنابت و ڕۆژی گەل دەکەم و هەروەها کە ئاگاداری ئەگەر سەرقاڵی ڤێستیڤاڵی منداڵان نەبومایە پتر دەگەڵتاندا دەبووم و ئەوانەی کەسەبارەت بەمن گوتت بەراستی من نامهەوێت ناوی کەس بەخراپەبەرم و پەیامم بۆ هونەرمەندان ئەوەیە ئەگەر زانیان ناتوانن بڕۆن ڕاوەستن باشترە نەک ئەوەی بەغەڵەت زیاتر بڕۆن کەسی دیکە دەبێت جێگەی ئەوان بگرێتەوە. وەک دواوتە دووبارە داوام لەحکومەتی هەرێم ئەوەیە هەتا بۆی دەکرێت بایەخ بەگەنجانمان بدەن ئەوانن دوارۆژی گەلەکەمان و دیسان بەخێرهاتنی بەڕێزت دەکەم.

**پەیامنێری ڕۆژی گەل**

**لە ئۆفیسی هەولێر**



# پێکەنین و بزەی لێو گەوهەر و مرواریيە

پەندێکی یۆنانی هەیە دەڵێ(مادام گوڵ دەتوانێ خۆی لول بکاو پەرەکانی بشارێتەوە،ژنیش دەتوانێ نێوچەوان و دەم و چاوی گرژبکاو بزە و پێکەنینەکەی نەهێڵێ)....بزە و ڕوو گەشی یەکێکە لە گرینگترین ئەو کارانەی کە ژن دەتوانێ بەهۆیەوە سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا رابکێشێ ..ئێمەی ژنان چەند جوانبین و چەند زانا بین لە جوانکاریدا،ئەگەر دەموچاوێکی مۆن و گرژمان هەبێ ئەوا هەموو جوانی یەکەمان دەشێوێنێ و لەلای کەس سەرنج ڕاکێش نابین.بۆیە دەبێ هەموو کەس بەتایبەتیش ژنان ئەوە بزانن کە بزە و پێکەنینی گونجاو ڕووناکی و گەشی دەدات بەدەم و چاو،بزە خۆری جوانی یە تیشکە رەنگاڵەکانی بەسەر مرۆڤدا بڵاودەکاتەوە و لە شێوەی بەهارێکی پر لە گوڵ نیشانی دەدات..ئەگەر تەماشایەکی ئەدەبیاتی جیهان بکەین و چاوێک بە شیعرە ناسکەکاندا بخشێنین دەبینین شانووسەرەکانی دونیا لە وەسفی ژناندا جگە لە



وەسفی لەش و لار و دەم و چاویان گرینگیکەی زۆریان بە بزە و پێکەنینی ژن داوە وایان داناوە کە پێکەنین وەکو خەرمانێک وایە بەدەوری مانگێکی پرەوە،چونکە پێکەنین تەنیا بەدەم نی یە،بەڵکو دەمو چاوەکان و ،گۆناکان و سەرجەم لەش پێدەکەنێ.ددانەکان وەکو مرواری دەردەکەون.بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانین کە پێکەنینش کات و شوێن و دەربرینی خۆی هەیە..زاناکانی دەروون ناسی دەڵێن(بزە) دونیایەکی تایبەتە و نهێنی زۆری تێدایە کە پەیوەندی بە کەسایەتی کەسەکە و کارەکەوە هەیە...ئەگەر بزە و پێکەنینەکان زۆر ئازادانە و ئاشکرایانە دەربران لەلایەن ژنەوە ئەوە مانای ئەوە ئەو ژنە جۆرێک لە ئازادی و سەربەستی هەیە و ژنێکی ئاڵۆز و داخراو نی یە،هەست و نەستەکانی ناشارێتەوە،هەوڵیش نادات کێشەکانی لەناوخۆی بهێڵێتەوە و بیکات بە بوغز و کینە،بەڵام دیسانەوە بزە و پێکەنینی بێ هۆ و ئاشکرا دەنگ بەرز نیشانەی تێ نەگەیشتنە لە ماناکانی ژیان و کەسایەتی مرۆڤەکان،ئەوانەی زیاتر ئەو کەسانەن کە لایەنگری ئازادی ژنانن و دەیانەوێ رزگاربن لەو کۆت و بەندانەی کەبەسەریانەوە دانراوە،بەڵام لەبەر کەم هۆشیاری بەو ماف و ئازادیانە ،بە سادەترین شت پێ دەکەنێ و وادەزانێ کە ئەمە بەرپەرچدانەوەیەکی گەورەیە بەرامبەر سەرجەم ئەو یاسایانە......دەبێ ژنان لەو مانای نهێنی پێکەنین بەتەواوەتی تێ بگەن و لەکات وشوێنی خۆیدا بەکاری بهێنن.کە دەڵێم (ژنان)لەبەرئەوەی بەندە وەکی نوسەری ئەم چەند دێرە پەیوەندی بەخۆم و هاورەگەزەکەمەوە هەیە زیاتر وەکو لە رەگەزی پیاوان.بۆیە دەڵێم بزە و پێکەنینلای ژنان دەبێ ناسک و سەرنج ڕاکێش و هەست بزوێنەری بەرامبەرەکەی بێت بەتایبەتی بۆ هاوسەر و خۆشەویستەکان.چونکە زانستە کۆمەڵایەتی و دەروونی و فسیۆلۆجیەکان ڕوونیان کردۆتەوە کە پێکەنین و بزە ئارامی و ئاسودەیی دەبەخشێ بەتاک و کۆمەڵگە،تەنانەت ئاینەکانیش لە نێو دەقەکانی خۆیاندا ئاماژە بەو خۆشەویستی یە مەزنە دەکەن کەلە نێوان دوو هاوسەری ڕووخۆش و ڕووگەشدا دروست دەبێت و کەسیان چاویان ناچێتە سەر ژنێک یان پیاوێکی دیکە،دەبا هەمیشە دەم پێکەنین و بزە لەسەر لێو بین لە پێناو ژیانێکی ئاسودە و بەختەوەر.

**نەسرین کەریم**

# بۆچی هاوسەرەکان بە جیا دەخەون

نێرومێ کە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، باوەش و ئامێزێکی ئارام بۆ یەکتر دەدۆزنەوە، بەڵام هەندێک لەوان تەنیا ماوەیەکی کورت لەسەر یەک جێگە دەخەون، هەندێکیان لە جێگەو ژووری جیاواز دەخەون، ئەمەش وایکردووە کە تۆژەرو لێکۆڵەرەوان بەدواداچونی بۆ بکەن.

هەندێک لە هاوسەران، بەرانبەرەکەیان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پرخەیان دێ، یان بۆنی مەی یان سیگاریان لێوە دێ و پێی نیگەران دەبن، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە جیاوازی ئارەزوو وایان لێدەکات بەجیا بخەون، بۆ نموونە هەندێک لە ژنەکان ئارەزووی سەیرکردنی فیلمی شەوانە دەکەن، بەوهۆیەوە پیاوەکان چاوەڕوانیان دەپسێ و لە داخانا لە جێگەیەکی جیاواز دەخەون، هەندێک لە ژنانیش بەوە مێردەکانی خۆیان تۆمەتبار دەکەن کە بەدیار ئینتەرنێتەوە دادەنیشن، یان دەچن لەگەڵ دۆست و هاوڕێیانی خۆیان کۆڕی شەوانە دەبەستن، ئەوەندی حەز بە تێکەڵاوی هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەکەن، ئەوەندە چێژ لە دانیشتن لەگەڵ ژنەکانیان نابینن، بەوهۆیەوە ژنەکان بێزار دەبن و جێگەی خۆیان جیا دەکەنەوە، بەڵام لەم دواییانەدا لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراواندا کە لە وڵاتی ئینگلستا بەڕێوەچوە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٢٥%ی هاوسەرەکان لەسەر دوو جێگەی جیاواز دەخەون. هۆکارەکەشیان بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا گێڕاوەتەوە، بەتایبەتی کە ئارەزووی جیاوازیان هەبێ و هەریەکە بە دوای ئارەزووەکانی خۆیەوە وێڵ بێ.

لێکۆڵینەوەکە دەڵێ: ژنان و پیاوان پێش نووستن خەریکی تایبەتمەندی ئارەزوەکانیان دەبن، گەنجام حەزیان لە خەوی بەردەوام و ئارامە، بەڵام ئەوانەی سێ گرێی تەمەن تێپەڕ دەکەن حەز بە حەوی رۆمانسی دەکەن. ئەمەش وادەخوازێ کە هاوسەرەکان یەکتر بە شتی نارەوا بێزارو نیگەران نەکەن.

**شەونم سەنگەسەری**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com